کارەبا وادەی دیاریکردنی پڕۆژەکانی بەستنەوەی کارەبا لەگەڵ 4 وڵات دیاری دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە وەزارەتی کارەبا وادەی دیاریکردنی پڕۆژەکانی بەستنەوەی کارەبای لەگەڵ 4 وڵات ئاشکرا کرد.

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ئەحمەد موسا بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند: بەستنەوەی کارەبای لەگەڵ ئوردن زۆر بە زوویی دەچێتە جێ بەجێکردنەوە و بە توانای تا 40 مەگاوات دەگاتە قەزای ڕوتبە، سەبارەت بە بەستنەوەی کارەبای لەگەڵ کەنداو، عێراق بە ڕێژەی 88% ئەرکەکانی تەواو کردووە و ئێستا کارەکان بەردەوامن بە بەستنەوەی وێستگەی وەفرە لە کوێت، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پەیوەستکردن بە وێستگەی فاو لە بەسرە.

ئاماژەی بەوەشکرد : هێڵەکە پێویستی بە 345 کم گواستنەوە هەیە، کە 80 کیلۆمەتریان دەکەوێتە سەر خاکی عێراق و ئێستا لە پرۆسەی تەواوکردندان، سەبارەت بەوانەی بە کوێتدا تێدەپەڕن، ڕێوانەی 3 کۆمپانیا کراون، ئاماژە بەوە دەکات بەستنەوەی کارەبا لەگەڵ کوێت لە ماوەی 12 بۆ 16 مانگدا تەواو دەبێت.

سەبارەت بە بەستنەوەی کارەبا لەگەڵ سعودیە، موسا ئاماژەی بەوەدا کە گرێبەستی ڕاوێژکاری تەکنیکی واژۆ کراوە و جێبەجێکردنی بەستنەوەکە بەردەوام دەبێت.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی : بەستنەوەی کارەبا لەگەڵ تورکیا 100% ئامادەیە، بەڵام ئەو نرخانەی کە لەلایەن تورکیاوە دانراون لە ئەستادا بە عێراق گونجاو نین، ئاماژەی بەوەشکرد عێراق هەروەها 4 هێڵی بەستنەوەی کارەبای هاوکات لەگەڵ ئێران هەیە.